پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنەوە لە دەمی گۆزە یان کوندە

لە ئەبی هورەیرە وعبدالله کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنەوە لە دەمی گۆزە یان کوندە*». *(کوندە: وەکو مەشکە وایە بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێت ولە پێستی ئاژەڵ دروستدەکرێت)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنەوە لە دەمی گۆزە یان کوندە ئەمیش بۆ خۆپاراستن لە تووشبون بە زیان کە لەوەیە لە نێو ئەو گۆزەیە یان کوندەیە هەبێت، چونکە لە کاتی خواردنەوەی هیچ نابینێت، وباشتر وایە ئاوەکە یان هەرخواردنەیەکی تر بخاتە نێو پەرداخێکە وباش تێی بڕوانێت بۆئەوەی لە شتی زیانبەخش پاکی بکاتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5451